# ڕەشبینی فەلسەفی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بەنموونەی شیعرەکانی (جەمال غەمبار، بەرزان هەستیار، عەبدوڵڵا پەشێو)

**ژیرۆ کامیل ئەجەل[1] - ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا[2]**

[1+2]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەشبینی فەلسەفی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی شیعرەکانی (جەمال غەمبار، بەرزان هەستیار، عەبدوڵڵا پەشێو) پێشکەشکراوە. لەم توێژینەوەیەدا ڕەشبینی فەلسەفیمان وەک بابەتێکی فرەڕەهەند لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا باسکردووە، ڕیشەی زاراوەی ڕەشبینی لە زمانی کوردی و زمانەکانی تردا خستوەتە بەرباس، هەروەها چەمک و تێما تایبەتەکانی فەلسەفەی ڕەشبینی وەک (نهێلیزم و مەرگدۆستی و گومان) وەکو بابەتی سەرەکی تیۆریزە و پراکتیزەکراوە، لە کۆتاییشدا گەیشتوینە بە چەند ئەنجامێک کە ڕەشبینی فەلسەفی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ڕەشبینییەکە، لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک ڕێبازی ئەدەبی وەکو سوریالیزم و عەبەسیزم و دادایزم و نهێلیزمدا سەریهەڵداوە بنەما و بیروباوەڕەکانی ئەو ڕێبازانە بەسەر زۆر شاعیری قۆناغی هاوچەرخەوە دیارە، بەڵام ڕەشبینی فەلسەفی لە شیعری کوردیدا لای زۆربەی شاعیران ئەوەندەی بابەتێکی مەعریفییە ئەوەندەی بابەتێکی ئایدۆلۆژی نییە.

**کلیلە وشەکان:** ڕەشبینی فەلسەفی، پوچگەرایی، مەرگدۆستی، گومان، جەمال غەمبار، بەرزان هەستیار، عەبدوڵڵا پەشێو.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper20
**Received:** 10-Aug-2022
**Accepted:** 30-Oct-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
zhiro.ajal@su.edu.krd
idrees.kurdesh@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

ڕەشــبینی وەک ئاڕاســتەیەکی جیهانبینی لە ئەدەبدا لە مێژە وەک خوێن بە شــادەمارەکانی ئەدەب بەگشــتی و شــیعر بەتایبەتیدا دەگەڕێت، چونکە ڕوداو و پێشــهات و باری دەرونی مرۆڤ و ژیانیشــی بە جۆرێکە لەنێوان پرســیار و گومان و ئازار و شــەڕ و مردن و جێهێشــتندایە، ئەدیبیش مرۆڤێکی هەســتیارە، ڕوداوەکان کاری تێدەکەن و لە ناخیدا پەنگدەخۆن، دواتر لە ڕێگەی دەرچەی بابەتە ئەدەبییەکانەوە ئەو پەنگخواردوییە لەشێوەی دەقدا شــێوەگیردەکەن، دوای شــێوەگیرکردنی هەســت بەو تام و بەرامە ڕەشــبینییە دەکەین، کە ناوەڕۆک و جەســـتەی دەقەکەی لێخوڵقێنراوە. زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکان زادەی خەم و نائومێدی و ئازارن، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیا و ژینگەی کوردســتان و شــەڕ و ئاوارەیی و داگیرکارییەکانەوە پڕن لەڕەشــبینی، بۆیە ئەم ڕەشـــبینییە دەبێتە بابەت و تەوەری زۆرێک لەژانرە ئەدەبییەکان و پشـــکی شـــێریش بەر شـــیعر دەکەوێت.

**پێکهاتەی تویژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەدو تەوەری سـەرەکی پێکدێت لە تەوەری یەکەمدا لەڕوی تیۆرییەوە زاراوەی ڕەشـــبینی و پێناســـەی ڕەشـــبینی و ڕەشـــبینی فەلســـەفی خراونەتەڕو، هەروەها لە تەوەری دوەمدا چەمکەکانی پوچگەرایی و مەرگدۆســـتی و گومان، لەڕوی تیۆرییەوە ڕونکراونەتەوە پاشـــان نمونەیان بۆ هێنراوەتەوە، لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەشمان ئینگلیزی نوسیوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** هیچ توێژینەوە و بابەتێکی تایبەت بەڕەشـــبینی فەلســـەفیمان بەرچاو نەکەوتوە، بۆیە ئەم هەوڵە وەکو دەسپێک دێتە هەژمار، گرنگی بابەتەکەش لەخۆیدا هەڵدەگرێت.

**سنوری توێژینەوەکە:** لەڕوی کاتەوە قۆناغی شـیعری هاوچەرخ وەرگیراوە واتە لە ١٩٧٠-٢٠٢٢، تەنیا شـیعری ئەو سێ شاعیرەشمان بەنمونە وەرگرتوە.

**مێتۆدی توێژینەوەکە:** بۆ توێژینەوەکەمان مێتۆدی وەسفی شیکاریمان پەیڕەوکردوە.

**لەڕوی تیۆرییەوە:** لەڕوی تیۆرییەوە بابەتەکە نەخراوەتە ناو چوارچێوەیەکی داخراوەوە یاخود پشـــتی بە تاقە تیۆرێک نەبەستوە، بەڵام بە گشتی فەلسەفەی خۆرئاوا کراوەتە بنەما.

## 1 . تەوەری یەکەم

**لەڕوی فەرهەنگییەوە:** ڕەشـــبینی لەفەرهەنگەکاندا بەچەندین شـــێوە واتاکەی هاتوە زیاتریش پەیوەندیان بە شـــێوەزارەوە هەیە لەوانەش "ڕەشـــبین واتە بەدبین، بە ئێرەیی"(هەژار،1398: 358). "ڕەشـــبین بریتییە لە مەردومی بەدبین"(خاڵ،2005:224). "ڕەشـــبین واتە چاوتاریک"(ڕوحانی،1393:109). "ڕەشـــبینی، بەدبینی، بەرچاوتاریکی، خراپەبینی، باوەڕێ کە خراپە بەســـەر چاکەدا زاڵدەبێ"(جەشـــەنی،2015: 2106). "قڕاندن، بەدبینی، نوقڵانەی خراپ "(موکریـانی،2017: 128). "بەدبین، بەگومـان، چـاوتـاریـک، ڕەشـــبین، ناهومێد"(ئیبراهیمی،2012: 240).

زاراوەی ڕەشبین لە زمانی کوردیدا بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت، زیاتر ڕوی خراپ و شـەڕی شـتەکان ببینێت، و لە ئەدەبیشدا جۆرێکە لە جیهانبینی بە دیوە نێگەتیڤەکەیدا:

لای ئەوروپییەکان "زاراوەی ڕەشبینی لە وشەی یۆنانی (pessimus)ەوە هاتوە بە واتای خراپترین دێت"(هلال، بێ ساڵ: 68). ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگی دەروناسی کامبەرجدا ئاوا واتاکەی لێکدراوەتەوە "بیرکردنەوەیە لە بەشە خراپەکەی بارودۆخێک، یان ئەو هەستەی شتە خراپەکان زیاتر لەباشەکان ڕوودەدەن"(Matsumoto,2009:443). لەڕوی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لای ئەوروپییەکان یەکەم بەکارهێنانی لەلایەن"(کۆلێرجColeridge) بەواتای (خراپترین بار) لە ساڵی 1715 لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بەکاریهێناوە"(جریدە،2016: 23). هەروەها" (ڤۆڵتێرvoltaire) لە ڕۆمانی (candide ou l'optimisme) لە ساڵی 1759بەکاریهێناوە"(Denistag,2006:9). "بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە وەکو ڕێباز بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ (شۆپنهاوەرschopenhauer) لە ساڵی ١٨١٩ دژی فەلسەفەی گەشبینی" (جریدە،2016: 23). بەڵام لەزمانی کوردیدا وەکو بابەتی سەربەخۆ بەرچاومان نەکەوتوە جگە لەو توێژینەوانەی کە دەرونشیکارین و لەناو ئەو توێژینەوانەشدا لەپاڵ زاراوەی گەشبینیدا بەکارهاتون.

**2-1 : پێناسەی ڕەشبینی:** بۆ ناساندنی ڕەشبینی دەبێ ئەوە بخەینەڕو کە بارودۆخی تاکەکان ڕۆڵی کاری هەیە لە دروستبونی ڕەشبینی، ڕەشبینی بارودۆخێکی دەرونی تاکەکەسییە، لای هەمو کەسەکانیش جیاوازە، هۆکاری ئەم جیاوازییەش بریتییە لەو گرێ دەرونیانەی کە شکست و نەهامەتی و نەگەشتن بە ئامانج و مەرگ و بێ توانایی مرۆڤ سەبارەت بە ژیانی و پێشهاتەکانی کە ناتوانێ بەر بە ڕوداوەکان بگرێت، بۆ نمونە مرۆڤ چەندە بەهێزبێت توانای نییە چەند خولەکێک زیاتر بەرگەی هەناسەنەدان بگرێت، ئەمە جگە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و سۆزداری، کە هەمویان سەرچاوەی دروستبونی گرێی دەرونین و ئەم گرێ دەرونیانەش ڕەشبینی دروست دەکەن، بەرهەمی ئەم ڕەشبینییەش لە شیعردا خوڵقاندنی ئەو دەقانەیە کە زادەی غەم و ئازارن.

کەواتە ڕەشبینی بریتییە لەو ئاراستە جیهانبینییە لە شیعردا، پڕە لە پوچگەرایی و مەرگدۆستی بێهودەیی بەڵام بەیانکردنی ئەو بابەتانە لە شێوەی ناوەڕۆکێکدایە، کە با ئاشکرا گرێ دەرونییەکان بەدیدەکرێن، ڕەشبینی"بڕوایەکی بەتین و کاریگەرە لە ئەدەبی زاڵی کوردیدا و جێگای دیاری هەیە و برەو و بایەخی پێدەدرێت، بریتییە لەداهاتنی دونیایەکی ناخۆش و شێواو"(عومەر،٢٠٢١: ٢٨١). هۆکاری ئەم بڕوا بەتین و کاریگەرە لە ئەدەبی کوردیدا هۆکاری دەرونی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە،"ڕەشبینی ڕوانینێکی خراپە بۆ ئایندە یان خەسڵەتێکی کەسێتییە کە لە ژیاندا خەم و پەژارەی زۆری بەسەردا هاتبێ"(سەعدون،٢٠١٥: ٣٠٤). ڕەشبینی بۆیە خەسڵەتێکی تاکەکەسییە چونکە تێڕوانینی تاکەکان بۆ خەم و پەژارەو ڕوانین بۆ ئایندە و جیهانبینی هەرکەس جیاوازە "ڕەشبینی جۆرێکە لە جیهانبینی کە لەسەر بنەمای جوان نەکردنی ڕوی ڕاستەقینەی دونیا ئیشدەکات"(عەلی،2012: 117). ڕەشبینی ئەرکی جوانکردنی ڕوی دونیا نییە بەڵکو ئاوێنەیەکە بۆبینینی ڕوی واقیعی ژیان وەکو خۆی، چونکە ناشرینی و ڕەشبینییەکان لە نێو ئەدەبدا پڕ بایەخ دەبنەوە و بەهای هونەری پەیدادەکەن.

ئەدەبیاتی کوردی لێوان لێوە لە بابەت و جۆرەکانی ڕەشـــبینی لەوانەش (نائومێدی و غەم، پوچگەرایی، مەرگدۆســـتی و تەنیایی، غەریبی..هتد) دەتوانین بڵێین ئەدەبیاتی کوردی وەکو فەرهەنگێکە هەمو زاراوە و چەمکەکانی ڕەشبینی بە تێروتەسەلی لەخۆیاند هەڵگرتوە.

**3-1 ڕەشـــبینی فەلســـەفی:** بۆ دیاریکردنی تیۆرێک کە چوارچێوەکەی دیاریکراوبێت بۆ ڕەشـــبینی فەلســـەفی کارێکی ئاسان نییە، چونکە جیهانبینی فەیلەسوفەکان و هۆکاری دڵشکانیان لە ژیان جۆراوجۆرەو هەریەکەیان هۆکاری تایبەتی خۆیانیان هەیە، بەڵام دەتوانین چەند بابەتێکی سەرەکی هەڵبژێرین کە زۆربەی فەیلەسوفەکان لەسەری هاوڕان، ئەمەش کاری ئێمە دەخاتە چوارچێوەیەکەوە بتوانین هەم بە تیۆری و هەم بە پراکتیک کاری لەســـەر بکەین ئەو بابەتە ســـەرەکییانەش بریتین لە (پوچگەرایی، مەرگدۆســـتی، گومان) کە ئەو ســـیانە هەم بابەتێکی فەلسەفین هەم لە نێو ئەدەبیشدا ڕەنگدانەوەیان هەیە.

ئەو کاتەی ڕەشبینی دەبێتە ڕێباز و ڕێچکە و وەک فەرهەنگێک هەمو وشە ڕەشبینیەکان لە خۆی کۆدەکاتەوە و دەبێتە قوتابخانەیەکی فەلسەفی، پرسیارە کۆن و سەرەتاییەکان لە بارەی بون و نەبون ڕابردو و داهاتوەوە شەن وکەو دەکات، ئەم ڕێبازە پێیوایە بەختەوەرتین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە لە دایکنەبوە یاخود هەر لە دایکبوە مردوە، ' ڕەشـــبینی وەک بابەتێکی فەلســـەفی کاریگەرییەکەی پەیوەســـتە بەخودی مرۆڤەوە، ڕەنگدانەوەی بـارودۆخێکە کە مرۆڤ هیچ هیواو ئـاوات و ئومێـد و تروســـکـاییەکی بەخۆشـــییەکـانی ژیـان نامێنێت"(محەمەد،2014: 471). ڕەشـــبینی فەلســـەفی بارودۆخێکی هزری و هەڵســـوکەوتێکی دەرونییە، تێڕوانینێکی جیهانییە ڕوبەڕوی ڕاستیەکی کارەساتبار دەبێتەوە، دەیەوێت جیهان داماڵێت لە ئومێد.

ڕەشـــبینی فەلســـەفی مێژویەکی دورودرێژی هەیە، بەڵام وەکو ڕێبـاز لەلایەن شـــوپنهـاوەر( Arthur Schopenhauer 1788–1860)ەوە دانراوە، پێش شوپنهاوەر لە فەلسەفەی کۆنی یۆنانییەکاندا کۆمەڵەیەک هەبون، ناویان لە خۆیان نابو (فەیلەسوفی سەگ) ئەم فەلسەفەیە بە **"فەلسەفەی** سەگی، فەلسەفەی ڕەشبینی Cynicism بەناوبانگە، لە سەدەی چوارەمی پێش زاین دامەزراوە لەلایەن (ئەنتیسشینیز"(اشرافی،١٣٨٥: ٧٤). یەکەم فەیلەســـوفیش کە دامەزرێنەری ڕێبازەکەیە قوتابییەکی ســـوکرات بو بەناوی (ئەنتیســـشـــینیز- Antisthenes 446–366 پ.ز) بیروباوەڕی وابو، کە "کەسی ژیر ئەو کەسەیە بەبێ عەقڵی لە هەمو حەز و ئارەزوەکانی ژیان دەڕوانێ، گوێ نادا بە ســەروەت و ســامان و شــوێنی حەوانەوە، خۆشــبەختی هەمیشــەیی مەحاڵە، چونکە مرۆڤ پێویستی و حەزی بۆ شتەکان هەیە و ناتوانێ ئەم پێویستی و حەزانە بە دەسبێنێ، بۆیە سەگ ئاسا دژی دابونەریت و کۆمەڵگاو دین ڕادەوەستا"(Dudley,1937:117).

چەمکی سەگ لەم فەلسەفەیەدا ئاماژەیە بۆ بێهیوابون لە مرۆڤەکان و جیهان، سەگ لەڕوی هەڵسوکەوت و بیر و باوەڕەوە لە دیدی مرۆڤەوە ئازادەو ڕێگیری لەســـەر نییە، بۆیە ئەم کۆمەڵەیە لە ئەنجامی ڕەشـــبینیان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پەنا دەبەنە بەر هەڵسوکەوتی ئاژەڵیانە.

یەکێکی تر لە لە فەیلەسوفەکانی ئەم ڕێبازە (دیۆجینیسDiogenes 412–323 پ.ز) کە جگە لە فەیلەسوفی سەگ بە فەیلەسوفی سواڵکەریش ناسرابو، قوتابی ئەنتیسشینیز بو، ئەم فەیلەسوفە ژیانی لە دەربەدەری و

ئاوارەییدا بەســـەربرد، بۆ نانیش ســـواڵی دەکرد لەبەرامبەر هەر نانێکیشـــدا حیکمەتی دەبەخشـــی "من لەبارەی گەوجی و چەوتییەکانی دونیاوە سیخوڕی دەکەم، زۆرجار نیوەڕوان چرایەکی دەگرتە دەستیەوەو بەقەرەباڵغی شاردا دەگەڕا، دەیگوت بێزارم لەدێو و درنج ئارەزوی بینینی مرۆڤ دەکەم"(توماس،2006: 69).

ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ژیان و بونەوەرەکانی ســـەرەتای ئەو ڕەشـــبینیەبون، کە دواتر شـــوپنهاوەر کردی بە ڕێبازێکی فەلسەفی، شوپنهاوەر بەدرێژایی ژیانی دوربو لە ئافرەت و بە تەنها دەژیا پێیوابو کە هەمو کەسەکان جاسـوسـی بەسـەرەوە دەکەن، تەنانەت خۆی قژی خۆی چاکدەکرد متمانەی بە سـەرتاشـەکان نەبو"شـوپنهاوەر تەواوی ژیانی بە تەنیا بەســـەربرد دەرگای ماڵەکەی بەڕوی هەمواندا داخســـت، خۆی ســـەرو ڕیشـــی خۆی چـاکـدەکرد دەیگوت: متمـانەم نییە گەردنی خۆم بخەمە بەر تیغی کەس (...) گەورەترین بەدبەختی مرۆڤ بڕوابونیەتی بە ژیان، ژیان ماڵێکی تاریک و بێهودەیە لەناو ئەو ماڵەدا مرۆڤ نرخی نییە (...) خۆشـــــبەختی خەون و خەیاڵە ئەوەی بونی ڕاســـتیانەی هەیە ئازار و ڕەنجە (...) خۆکوشـــتنیش ناتوانێت کۆتایی بە حەزی مرۆڤ بۆ ژیان بهێنێت، چونکە ئەوەی خۆی دەکوژێت بەئومێدی ژیانێکی باشترە لە دوای مردنی (...) خواستی جیهانی بۆ درێژەدان بە ژیان دوژمنی سـەرسـەخت و دەسـتەمۆ نەبونی مردنە، دوژمنی کۆتاییپێهاتنی یەکجاری ڕەنج و ئازارە، بەم چەشـــنە خواســـتی جیهان گاڵتەیەکی ئەبەدی لەگەڵ ئێمە هەیە، ناچارمان دەکات بەرلەوەی بمرین نەوەیەکی تر بدەینە دەســـت ئەم دونیا پڕ لەغەمە"(توماس،1382: 252-255). بیرۆکە ڕەشـــبینیەکانی شـــــوپنهاوەر نەک تەنیا بۆ ژیـان، بەڵکو بەرامبەر مرۆڤەکانیش بو، چونکە پێیوابو ئەگەر مرۆڤ واز لە نەوە خســـــتنەوە و ژن و ژنخوازی بهێنێت گەمەی ژیان کۆتایی دێت و چیتر نەوەکانی داهاتو لەم ڕەنج و ئازارەدا ناژین. شوپنهاوەر ژیانی هەم لەڕوی کۆمەڵایەتی و هەم دەرونییەوە پڕ لەکێشەبو، هەربۆیە ڕەشبینی لەتەواوی بابەتەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بە ڕەشـبینترین فەیلەسـوفی جیهان دادەنرێت "لوتکەی فەلسـەفەی شـوپنهاوەر بریتیبو لە نمونەی ســـۆفیگەری (نیرڤانا-Nirvana) بەواتای زیندە بە چاڵکردنی ویســـتی ژیان"(حەمەد،٢٠١٢: ٥٤). پرۆفیسـۆر تۆماس وایتاکیر(Thomas Whittaker) مامۆسـتای فەلسـەفە لە زانکۆی (ویسـکینسـۆن-ماویزۆن) لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پسـپۆڕی فەلسـەفەی ئەڵمانییە لە کتێبەکەیدا بە ناوی شـۆپنهاوەرەوە دەڵێـت: "شـــــوپنهـاوەر گەورەترین فەیلەســـــوفی ڕەشـــــبینیە لە چـاخی نوێـدا، ڕەشـــــبینترین مرۆڤە لە مێژودا"(whittaker,2006: 92).

لە دوای ئەمیش (ئەمیل سـیوران Emil cioran 1911 - 1995) بە پاشـای عەرشـی ڕەشـبینی دەژمێردرێت شـوان ئەحمەد لە پێشـەکی وەرگێڕانی (ترۆپکی نائومێدی) ئەمیل سـیوراندا دەڵێت"ڕەنگە ئێمە لە مێژوی فیکری خۆرئاوادا بەسـەر ناوی چەندین بیریاری ڕەشـبیندا بکەوین، وەک شـوپنهاوەر، پاسکال، کیرکەگۆرد...هتد، بەڵام بەراورد بەسیوران و بەرهەمەکانی ئەو، ئەوانە هیچیان نەوتوە، لێرەوە دەکرێت سیوران وەک پاشای عەرشـی ڕەشبینی سـەیربکرێت"(سیوران،2013: 12). سیوران بە هەمان شێوەی شوپنهاوەر بەهۆی ژیانی کۆمەڵایەتی و دورخســـتنەوەی لە لادێکەی خۆی و بێخەویەوە ڕەشـــبینیەکانی بە لوتکە دەگەن و تەنها و گۆشـــەگیربوە، هاوسـەرگیری نەکردوە. لە بەناوبانگترین وتە ڕەشـبینەکانی"هەرچی تاوان لە دونیادا هەیە دەتوانم بیکەم جگە لەوەی ببمە باوک (...) گەر بێزاری و بێتاقەتی نەبوایە شـــوناســـم نەدەبو، بەهۆی بێتاقەتی و بێزارییەوە توانیم

بەخۆم ئاشنابم (...) بەختەوەرترین كەس ئەوەیە كە لەدایكنەبوە یاخود لەدایكبوەو دەسبەجێ مردوە (...) هەمو كتێبەكانم بریتین لە هەوڵەكێكی خۆكوشتنێكی بێئاكام (...) مرۆڤی ڕەشبین پێویستە هەمو ڕۆژێك بیانویەك بدۆزێتەوە بۆ درێژەدان بە ژیان"(سیوران،2013 :99-125). ئەو فەیلەسوفانە ڕەشبینی نەك ڕێبازیان بوە بەڵكو هەر ژیانی ڕۆژانەی خۆشیان لەناو بازنەیەكی داخراوی ڕەشبینیدا بوە.

"بنەمای وشەی ڕەشبینی لەم جیهانەدا هەڵقوڵاوی ململانێی بەردەوامی نێوان چاكە و خراپەیە، كەسی ڕەشبین بەو مانایە نا كە باوەڕی بەخێر و چاكە نییە، بەڵكو بەو مانایەی دونیا شوێنی حەسانەوە نییە"(اقبالی&معروف،1391: 116).

كاروانی ڕەشبینی لە فەلسەفەدا بە درێژایی مێژو بەردەوامبوە و لە هەر سەردەمێكیشدا لە چەندین كەسدا دەركەوتەی هەبوە، جگە لەخۆرئاوا بێگومان لە خۆرهەڵاتیشدا بیرمەندی گەورەی ڕەشبین زۆرن، بەڵام بەهۆی پۆلێننەكردنیان و دروستنەكردنی ڕێبازی تایبەت و نەبونی توێژینەوەوی چڕوپڕ دەربارەیان كەمتر بەرگوێ دەكەون، زیاتر بیرمەندە ڕۆژهەڵاتییەكان بیر و باوەڕە فەلسەفیەكانیان بە شیعر دەربڕیوە لەوانەش (مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی و ئەبو عەلای موعەڕی و خەیامی نەیشابوری ئەبو عەتاهیە...هتد) بەڵام وەك دەبینین لە ڕێبازە ڕەشبینییەكاندا ناویان نەهاتوە، لەبارەی تێڕوانینەكانیان بۆ ژیان و گەردون و بونەوەرەكان، كەواتە لەژێر ڕۆشنایی ئەو بیروباوەڕانەدا ڕەشبینی فەلسەفی بریتییە لە چۆكدادان بۆ ئەو باوەڕەی كە ژیان و مرۆڤ و جیهان لە شپرزەترین دۆخی خۆیاندان.

دەبێ ئەوەش بڵێین ڕەشبینی فەلسەفی لەشیعری ئەو سێ شاعیرەی هەڵمانبژاردون، پتر ڕەشبینییەكی مەعریفییە، واتە ئەزمونكردنی ئەو بابەتە تیۆریانەیە كە لای نوسەرانی جیهان هەن نەك ئەوەی لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەیاندا پوچگەراخواز و مەرگدۆست و گومانكاربن لە هەمو شتێك.

## 2 . تەوەری دوەم: ڕەنگدانەوەی ڕەشبینی فەلسەفی لای عەبدوڵڵا پەشێو، بەرزان هەستیار، جەمال غەمبار

**2- 1: پوچگەرایی یان هیچخوازی:** ئەگەر سەیری مێژو بكەین ئەم زاراوەیە لەسەردەمی یۆنانی كۆن و پێش زاینەوە مشتومڕی لەسەر كراوە، هەر كەسەو بە جۆرێك لەم بابەتەی ڕوانیوە، ئەم چەمكە تاكو ئەمڕۆش وەكو خۆی ماوەتەوەو بەپێی كات و شوێن خۆی نوێ كردوەتەوە، كۆنترین بەكارهێنانی دەستەواژەی هیچخوازی پەیوەندیدارە بەگومانەوە.

لەبەرئەوەی هیچخوازەكان ڕاستییە جێگیرەكانی شتەكانیان ڕەتدەكردەوە و گومانیان لە هیچ بونی ڕاستییە جێگیرەكان دەكرد، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەهیچخوازییەوە هەیە لە ئەدەبی كوردیدا وەكو زۆربەی بابەتەكانی تر تێڕوانینی تاكەكەسییە بۆ بابەتەكە ئەمەش پتر لە ژێر كاریگەری ئەدەبی خۆرئاوادا بوە، ئەو پوچگەرایەیی ئەوروپای گرتەوە بەتایبەت لە دوایی جەنگی یەكەمی جیهانییەوە ئەم ئەزمونی پوچگەراییە گوازرایەوە بۆ ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەو نوسەرانەی كە زمانە ئەوروپییەكانیان دەزانی، یاخود لە ڕێگەی توركی و فارسییەوە، دواتر لە قۆناغی هاوچەرخدا زۆریك لە نوسەرەكان خۆیان ڕویان لە ئەوروپا كرد و هەر لەوێش ژیان و زمانی ئەوێندەر فێربون و كەلتور و ئەدەبیاتی ئەوان كاریگەری لەسەر بەرهەمەكانیان جێهێشت، ئەو بیر و

بۆچونانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر شیعری هاوچەرخەوە هەیە، ئەسڵی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە سەر ڕێبازی (نهێلیزم) "نهێلیزم ئەوەیە مرۆڤ بگاتە ئەو قەناعەتەی کۆی بەهاکان بێ بنەمان هیچ شتێک قابیلی زانین نییە، یاخود بیشـــزانرێت، ئەوە ناتوانیت ئاڵوگۆڕی پێبکەیت، زۆرجار نهێلیزم وەک هاوتا لە گەڵ ڕەشـــبینی و گومانگەرایی و ڕادیکاڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت"(پرات،2019: 10). ئەم ڕێبازە سـەرچاوەی دروسـتبونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سـیمبۆلیزمەکان و سـوریالیسـتەکان و بیروباوەڕاکانی نیچە "نیچەی فەیلەسـوف لە ڕونکردنەوەیەکدا بۆ دەسپێکی ئەو کتێبەی خۆی کە لە ژێر ناونیشانی (ئیرادەی هێز)دا نوسیویەتی سەبارەت بە واتای نیهلیسـیەت دەڵێت: دۆخێکە تێیدا مرۆڤ دەکەوێتە دەرەوەی چەق و بەرەو شـوێنێکی نادیار شۆڕدەبێتەوە"(نوری،2016: 91). لێرەدا ڕاستە هیچێتی وەکو دۆخێک باسکراوە کە مرۆڤ تێیدەکەوێت، بەڵام لە ڕاسـتیدا بەپێی ئەم ڕێبازە ژیان خۆی ئەو دۆخەیە کە کەوتوەتە دەرەوەی چەق و خولگەی خۆی و بێهودە دەسوڕێتەوە.

هەرچەندە بەختیار عەلی لەبارەی پوچگەراییەوە ڕایەکەی پێچەوانەی هەیە، ئەو پوچگەرایی بە واتای داینەمۆی بەرەو پێش چون لە هەمو بابەتەکاندا دەبینێت"تێکشـکاندنی بەهاکان مەرجێکی گرنگی تێکشـکاندنی سیستەمەکانە، لە ڕاستیدا بەبێ بڕێک لە ڕۆحی نەهەلیزم ئەستەمە لە هیچ بوارێکدا بچینە پێش"(عەلی،2022: 176).

بەپێی ئەم تێڕوانینە تێکشکاندنی بەهاکان لە پێناو تێکشکاندنی سیستەماکان پێویستی بە ڕۆحی نهێلیزمە چا ئەم تێکشـکاندنە جاری وایە شـتە باش و جوانەکانیش دەگرێتەوە، چونکە داماڵینی هەمو بەهاکان کارێکی دروسـت نییە" ئەم جۆرە لە نەهەلیزم دژایەتی کردنی زانسـت نییە بەڵکو دژایەتی یەقینە لە زانسـتدا بەبێ ئەم دژایەتییە، بەبێ ئەم گومانە بەرامبەر بە توانای مرۆڤ، لەسـەر گەیشتن بەدوا سـروشـتی شـتەکان، دابڕان و دەسپێکردنەوەی زانستی دەبنە کارێکی سەخت"(عەلی،2022: 176). لێرەدا ئەم بۆچونە دروستە چونکە یەقین لەزانستدا چەقبەستوی دروستدەکات توناکان لە نێودەبات و سستیان دەکات ئەم جۆرە لە نهیلیزم بەم واتایە دەبێتە هۆی بەردەوامی لە گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە، کەواتە ئەم ڕێبازە بریتییە لە ڕەشبین بون بەرامبەر بەوەی کە هەیە دەبێ تێکبشکێنرێت دەبێت ئەوەشمان لە بیر بێت پوچگەرایی ڕویەکی هەرە دیاری ڕەشبینییە چونکە لە پوچگەراییدا مرۆڤ پشت دەکاتە هەمو بەهاکانی ژیان و سەرسەختانە ڕوبەڕوی گەشبینی دەبێتەوە.

بیر لە هیچ دەکەمەوە

لای من

هیچ= ئیمزایەکی سەخیف لەدامێنی نامەیەکی دڵداری

هیچ= گەڕانەوەی بارانێک بۆلای هەورێکی بێ وەژن

هیچ= کۆکردنەوەی قوتوە بەتاڵەکانی دڵ لەزبڵدانەکانی قەراغ شاری نەدامەت

دواجار هیچ= چی دەبو، گەر کەشتییەکەی نوح بەتەنێ مێینەی بارکردبا! (غەمبار ،2018: 62).

جەمال غەمبار لەم شـــیعرەدا دەیەوێت پێمان بڵێت بیر لە هیچ دەکاتەوە ئەم دێڕە هەڵگری دو واتاو ڕەنگە زیاتریش بێت یەکەم بەواتای ئەوە دێت کە بیر ناکەمەوە چونکە بیر لەهیچ کردنەوە واتا بیرنەکردنەوە، واتای دوەم بیرکردنەوە لە هیچ هەمو شـــتێک دەگرێتەوە چونکە دونیا و ئەوەشـــی تێیدایە لەبەرئەوەی لە هیچەوە پەیدابون و دەبنەوە بە هیچ مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بیر لە هەمو ئەوشـــتە هیچانە دەکەمەوە، چوار جۆریتر هیچ باسدەکات:

یەکەمیان هیچ یەکســـانە بەو ئیمزایەی کە لە دامێنی نامەیەکی دڵداریدا دەکرێت، چونکە نامەی دڵداری هیچ ئادابێکی ڕەســـمی تێدانییە ئیمزا بکرێ و نەکرێ وەک یەکە، دوەمیـان گەڕانەوەی بـارانێک بۆلای هەورێکی بێوەژن لێرەدا هەوری بێوەژن ناونیشـــانێکە بۆ ڕەشـــبینییەکی حەتمی، هەورێکی بێوەژن وەک بڵێی مێیەک بیەوێ بەبێ بونی نێرێک ســـکوزا بکات، ئەمەش پێناســـەیەکی هیچە بۆ هیچ، ســـێیەمیان کۆکردنەوەی قوتوە بەتاڵەکانی دڵ لەزبڵدانەکانی قەراغ شاری نەدامەتدا ئەو دەمەی دڵ پەشیمانی ئەچێژێ، کۆکردنەوەی قوتوەکانی پەشـــیمانی هیچە لە دڵێکدا کە بوبێت بە زبڵدان، چوارەمیان دیســـان دو لێکدانەوە دەگرێتەوە یەکێکیان دەبێت ئاماژەبێت بە کۆتایی هێنان بەو پوچگەراییەی ژیان دەبێ کۆتای پێبێ ئەگەر کەشتیەکەی حەزرەتی نوح (علیه سلام) تەنیا مێی هەڵگرتبا ژیان بەردەوامی نەدەبو لە خاڵێکدا کۆتایی پێدەهات، زۆربەی فەیلەسوفە ڕەشبینەکان دژی نەوە خســـتنەوەبون، ئەمە بو بە ڕێباز. (ant natalism) ڕێبازێکە دژی نەوە خســـتنەوە، زۆرێک لە نوسەرە گەورەکان وەک (ئەبو عەلای موعەڕی و ویل سیوران و شوپنهاوەر) تا مردن هاوسەرگیریان نەکرد، بە لێکدانەوەیەکی تریش مێ ڕەگەزی میهرەبانی و ســـۆز و بەزەییە ئەگەر تەنیا ئەوان بمانایە ڕەنگە جیهان توشی ئەو هەمو شەڕ و کوشتارییە نێرسالاریانە نەبوایە.

ئەز باکم نییە گەر کەونیش هەپرون بێت

چییم نییە بیدۆڕێنم

تەنیایم نەبێ! (غەمبار،2012:92)

پوچگەرایی لەم کۆپلە شیعرەدا بە ئەندازەیەکە شاعیر هیچ شتێکی نییە بۆ لەدەستدان، واتە بایەخ بۆ هیچ شتێک دانانێت نەک زەوی، بەڵکو ئەگەر هەمو کەونیش وێرانبێ ئەم هیچ باکی نییە جگە لە تەنیایی کە ئەویش بەڵایە، هیچی نییە لە دەستی بدات.

ئێستا لەوسەری تۆوە دێمەوە پڕم لە مەغریبی عاشقان

پڕم لە هیچ

ئەو هیچەی هەمومانی بە مشتێک لە ژیانی فانی گۆڕییەوە. (غەمبار،٢٠١٢: ١٤)

لەم کۆپلەیەدا شـــاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە پڕبوە لە هیچ هیچێک کە هەموانی بە مشـــتێک لە ژیانی فانی گۆڕییەوە، ژیانی فانی بۆخۆی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ژیانیش مادام کۆتایی دێ و نامێنێ هەر وەکو هیچ وایە، فانی یاخود فەنابون دیســـان پرۆســـەیەکە لەهیچەوە بۆ هیچ واتا ژیانی ئێمەی مرۆڤ لەهیچ دروســـتدەبین و دواتریش دەگەڕێینەوە بۆ هیچ.

هەمو شوشە بە تاڵە کانی غەریبییمان

لەسەر مێزی بیرکردنەوە لە " هیچ "،
وردبونەوەلە " تارمایی " ڕیزکردوە
هەتا دواسنوری مەستبون...
شکستییمان هەڵقوڕاند و
بەختەوەرییمان هەڵهێنایەوە (هەستیار،٢٠١٣: ٤٠)

ئەم شـیعرەی بەرزان هەسـتیار لێوڕێژە لەو پوچگەراییەی کە تێی کەوتوین، غەریب هەڵگری دو واتایە ئەشـێ غەریبی دور وڵات یاخود ئەو غەریبەی کە بە پێست و جەستەی خۆشی هەر غەریبە ئەم بیروباوەڕەش ئەشێ لەوەوە هاتبێت کە سـەر زەوی جێگای مرۆڤ نییە شـوێنی ڕاسـتەقینەی مرۆڤ جێیەکی دییە نەفی سـەر زەوی کراوە، دێڕەکانی بیرکردنەوە لە هیچ، وردبونەوە لە تارمایی، هەڵقوڕانی شـکسـت و ڕشـانەوەی بەختەوەری لە چوارچێوەی بازنەی پوچگەراییدا دەخولێنەوە.

ناوم "بەرزان"ە،
ئیدی بڕوا بەهیچی ترم مەکە؛
ئاردی نێو دڕکم،
داهۆڵی باخێکی دورەدەست،
سەماکەری نێو هۆڵێکی چۆڵ و هۆڵ،
هەرچی هەم، تۆ گوێم پێ مەدە
درۆ ئەکەم،
ئەزانیت درۆ چەند خۆشە .....
کە ڕاستییەکان لە هاوارێکی شکاو بەولاوە، چیتر نەبن!! (هەستیار،٢٠١٣: ١٦٠-١٦١)

لێرەدا شـــاعیر بە شــێوازێکی جیاوازتر دەیەوێت بەیانی پوچێتی بکات بەوەی کە جگە لە ناوەکەی هیچی تری ڕاســـتەقینە نییە، یاخود ئەوەی کە هەیە پوچە وەک ئاردی ناو دڕک، ســـــەماکەری ناو هۆڵێکی چۆڵ، ئەم ڕستانەش بۆخۆیان ئاماژەیەکی ڕونن بۆ هیچێتی، هەروەها لێرەش مەسەلەی درۆ و ڕاستیش بەهەمان ئاقاری پوچێتیدا دەبات، کە درۆ بۆیە خۆشە چونکە پوچە وە ڕاستی هیچیتر نییە جگە لە هاوارێکی شکاو، واتە هەردو هەر هیچن بەڵام بە ڕێگەی جیاواز.

نەفرەت.. نەفرەت لە تەوقی سەرم
کە ناتوانم ئەمشەو ببم بە سەگێک و
هەمو دنیا بە وەڕیین بێزار کەم
نەفرەت لە سەراپای تەمەنم ،
کە هەوڵم نەدا ....
بێ ئەندازە گڵاو بم ، گڵاو بم ..گڵاو
بۆ ئەوەی کەون بەدەرم کەن (هەستیار،٢٠١٣: ١٥٦)

ئەم شیعرە بڕوابونە بەو باوەڕەی کە فەیلەسوفە کۆنەکانی گریک لەسەری بون، شاعیر نەفرەت لەخۆی دەکات کە ناتوانێت ببێت بە ســـــەگێک، کە بەوەڕین ئەم ژیانە پوچە هەراســــانکات، تاکو لە کۆتاییدا هەر لە کەونیش وەدەرینێن، بەڕێگەیەکیتریش شـاعیر ئاوات بەوە دەخوازێت کە هەرچییەکی لەدەسـەڵاتدا بێت ئەنجامی بدات بۆ ئەوەی لە پوچێتی دونیا و کەونیش دەری بکەن.

هەرچی هەیە، هەموی خەونە.

خەون دنیای داگرتوە:

ئەوهێلانە دنوکچنەی با بۆڕ دەدا،

وەختێک خەونی باڵدارێکی بێوار بوە.

ئەو درەختەی، کە پایزان

بە زێڕ زمڕوت دەنەخشێنێ،

بە خەونۆکەی دەنکەتۆوێک قیت هەڵچوە.

لە هەر جێیەک،

لە هەر لایەک،

کە بینیتان وا ئاڵایەک

دەشنێتەوە بە هەواوە،

سور بزانن،

نیوەشەوێک یەکەم تەقەڵ شاعیرێکی شێت لێی داوە! (پەشێو،٢٠١٩: ٨٥)

پوچگەرایی لە دیدی پەشـــــێوەوە جەوهەرەکەی جیاوازە لەو جەوهەرەی کە زادەی شـــــیعری غەمبار و هەستیارن چونکە دونیا بینی پەشێو کەم و زۆر نەکەوتۆتە بەر شەپۆلی مۆدێرن ەو مۆدێرنێتێی ئەوروپی بۆیە پوچگەرایی لای پەشـێو ڕەگ و ڕیشـەی ڕۆژهەلاتییانەیە، لەم کۆپلەیەدا هەر لەسـەرەتای یەکەم دێڕەوە شـاعیر بیرو ڕای خۆی دەخاتە ڕو بەوەی دەڵێت هەرچی هەیە هەموی خەونە، خەونیش هیچی لێ ســــەوز نابێ واتا بەتاڵە، نمونەش بۆ ئەم پوچیە دێنێتەوە وەک ئەو هێلانەیەی ئێســـتا با شـــڕی دەکات خەونی باڵندەیەک بوە بە دەنوک بیچنێ، ئەو گەڵا زەردانەی وەک ئـاڵتون وان خەونی دەنکە تۆوێکە، ڕەنگە ئـاڵتونییەکەی فریوی داوە، چونکە نیشانەی کۆتایی هەتن و هەڵوەرینە، ئەگەر باسی دەوڵەت و ئاڵاو سەربەخۆی کوردیش کرا بزانن ئەوە خەونی شاعیرانەیە.

لە گۆڕستان بۆ بترسم؟

خۆ هیچ نەبێ لەو وڵاتە،

لەو مەڵبەندە کشوماتە،

ماڵۆچکەیەکی خۆم دەبێ

لانەولانی دنیام لە بیر دەباتەوە،

ماڵۆچکەیەک،

نه مانگانه کرێی دەدەم،

نه کەس داوای کلیلەکەی دەکاتەوە! (پەشێو،٢٠١٩: ٨٢-٨٣).

لەم کۆپلەیەدا پەشێو بەراوردێک لە نێوان ژیان و گۆڕستان دەکات کە لە کۆتایی بەراوردەکەدا گۆڕستان قورسی سەنگەکە لەسەر کێشانەکە بۆخۆی دەبات، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕاستە و خۆیە بۆ هیچێتی دونیا و زیندەگیکردن تێیدا، فەلسەفەی پوچگەرایی لەم شیعرەدا بریتییە لەوەی کە مردن لە ژیان بە نرختره کە مرۆڤ دەمرێ دەکرێ لانی کەم گۆڕیچکەیەکی هەبێ کە بە قسەی شاعیر لە زیندویەتێتیدا نەیتوانیوە هەیبێت، کە جەوهەری بابەتەکە تەنیا خانوەکە نییە بەڵکو هەستی ئارامی و ئاسایش و تەنانەت ژینگەش دەگرێتەوە کە لە گۆڕدا ئەو خەمانە لەسەر شانی شاعیر نییە.

دەبێ ئاماژە بوەشبکەین کە تێمای پوچگەرایی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا لە برەو هەڵکشاندایە بەجۆرێک لای هەر شاعیرێک ئەم تێمایە بە دەرکەوتەی جیاواز شێوەگیر بوە.

2-2 **مەرگدۆستی:** بە درێژایی مێژو هیچ ژانرێک نەیتوانییوە وەکو شیعر تەعبیر لەو چرکەساتە ئاڵۆزانە بکات کە دەستەمۆنابن، مەرگ یا مردن یەکێکە لەو چەمکانەی شیکردنەوەی زۆری بۆ کراوە، زۆر نوسەری گەورەش مەرگی خۆ کردیان تاقیکردۆتەوە بەڵام کە پێی گەشتون دەرفەتی گێڕانەوەیان بۆ ئێمە نەبوە،"بە درێژایی مێژوی نوسین بە تایبەت لە فکرو فەلسەفەدا پرسی مەرگ یەکێک بوە لە هەرە پرسە زیندوەکان کە هەمیشە مرۆڤ بەدوایدا گەڕاوە لە (ئورگ)ی پاڵەوانی ئەفسانەی (گلگامش)ەوە تا ئەمرۆ چونکە ئەوە مەرگە ڕێگربوە لەبەردەم ئینساندا بۆ گەیشتن بە هەمو ئاواتەکانی"(سدیق،2022: 16مردن لەبەرئەوەی مەودای مردو نادات چیدی کار لەسەر خەون و ئامانجەکانی بکات وەکو جادویەکیشە کەس بۆی نەکراوەتەوە، بۆیە نیچە دەڵێت: "(مەرگ گەورەترین ئاڵۆزییە"(سدیق، 2022: 16). ئەم ئاڵۆزییەی مەرگ چێژی تاقیکردنەوەی زۆرتر کردوە.

مەرگ لە ڕوی زانستییەوە بریتییە لە کار وەستانی هەمو خانە زیندوەکانی جەستە، بەڵام زاراوەی مەرگ دۆستی بریتییە لە دۆستایەتی کردن لەگەڵ مەرگ لەبەر ئەوەی مەرگ شتێکی حەتمییە بە قەولی کورد ئەو دەستەی ناتوانی بیشکێنی دەبێ ماچیبکەی، یانیش ژیانی دونیا کورتە ئەوەی ئەبەدییە مردنە و دوای مردنە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەو مەرگ دۆستییەی مەرگە کە شاعیرانمان ئاواتی پێ دەخوازن یاخود ئیشتیاقی دیدەنی دەکەن ئەویش هەوڵێکە بۆ دەرباز بون لە نەهامەتییەکانی ژیان، دوالیزمی (ژیان– مردن) بەرجەستەبونی ناخە دوفاقیەکەی مرۆڤە لە نێو مێژودا و ڕەنگدانەوەی سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤە لە نێو ئایین و ئەفسانەدا کە دو دێرینترین فۆرمی بیرکردنەوەن لای مرۆڤ کە لە هەمان کاتیشدا یەکسانن بە درۆ و ڕاستی، بون و نەبون، چاکە و خراپە، هەمو ئەو بنەمایانەی دی کە لەسەر دوشت بنیات نراون"مەرگ یەک هەنگاوێکە، لەوانەیە ئەو چرکەیە دواین چرکە بێت کە ڕۆح گرانی جەستە جێ دێڵێت و ئازاد ئەبێت لە کۆت و بەندەکانی"(صمدانی فرد،١٣٩٥: ٥). لە فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی کوردیشدا مردن بەو واتایە هاتوە

کە"باوباپیرانمان مرۆڤیان بەوە پێناسەکردوە کە بە پێچەوانەی خودا، بونەوەرێکی خاکی یان زەمینییەو دەمرێت"(هەرشەمیی، ٢٠٢٢: ٦٠٣).

هەروەها لە کتێبەکەی هەرێم عوسماندا (چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا) بەتێرو تەسەلی باسی مەرگ و مردن کراوە لەبارەی جیاوازی نێوان مردن و مەرگ دەڵێت:"گەر ورد سەرنج بدەین هەستدەکەین مەرگ زیاتر خۆویستییە، واتا خۆت مەیلی مەرگ دەکەیت، بەلام مردن خۆسەپێنە"(عوسمان،٢٠١٩: ١٠٣). بە پێی ئەم بۆچونە دو جۆر مردن هەیە کە یەکێکیان مردنی ئاساییەو هەرکاتێک مرۆڤ تەمەنی کۆتایی بێت کاتەکەی تەواو دەبێت، بەلام دوەم مردنێکە کە کەسەکە خۆی هەڵی دەبژێرێت واتا خۆ کوژییە، وە زاراوەی مەرگ دۆستی هەر چنراوی ئەو بیرۆکەیەیە، بەلام مەرگدۆست ڕەنگە ئەدیبێک بێت هێشتا خۆی نەکوشتوە تەنیا لە بەرهەمەکانیدا مەرگ زۆر ڕەنگدەداتەوە، کەواتە مەرگدۆستی ئەوەیە کە مرۆڤ هەر لە ژیانیدا حەزدەکات چێژ لە مەرگ وەرگرێت"مرۆڤ تاکە زیندەوەرێکە کە هۆشیارە بە مەرگ"(عەلی،٢٠١٤: ٢٢٠-٢٢١). ئەم هۆشیارییەی مرۆڤ بە مەرگ تێمای مەرگی فراوانتر و پڕ واتاتر کردوە، جا مەرگ بە هەمو جۆرەکانییەوە، هۆشیاری مرۆڤ بە مردن لەوەوەیە کە سەدان و هەزاران کتێب لەبارەی مردن و دوای مردن هەن بەپێی دینەکانیش زانیاری تەواو هەیە کە دوای مردنیش چی دەگوزەرێ بۆیە مرۆڤ ئەو بونەوەرەیە هۆشیاری هەیە بە مەرگ. " مەرگ زاراوەیەکە پەیوەستە بە هەستی ونبون و لەدەستدان و خەم و گریان و شیوەن"(پاڵەوان،٢٠٢٠: ١٩٨). هەندێک کات لە نێوان مردن و ژیاندا تەنیا هێڵێکی باریک دەمێنێت بە ڕادەیەک دەکرێت هەندێ کات ئارامی و ئاژاوە تێکەڵی یەکترببن هەوەسی ژیاندۆستی بگۆڕێ بۆ مەرگدۆستی و ئارەزویی مانەوە لەژیان و نەمانەوە هیچ جیاوازییەکی نەمێنێت، کامۆ لەبارەی خۆ کوژییەوە دەڵێت"تەنها بابەتی فەلسەفی کە بناغەی جددی هەیە، ئەویش پرسی خۆکوژییە"(کامو،١٣٨٢: ٤٩). شوپنهاوەریش دەڵێت:"ژیان ئەوەندەش شتێکی دڵگیر و چێژبەخش نییە، کە بمانەوێت بەهەر بەهایەک بوە مەوداکەی درێژبکەینەوە"(شوپنهاوەر،١٣٩٨: ٦٦). ڕەنگە لەو چرکەساتەدا مردن چێژبەخشتریش بێت هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە زۆر جار نوسەرەکان خۆیان دەکوژن. پەیوەندی مەرگدۆستی بە ڕەشبینییەوە پەیوەندییەکی ڕونە چونکە پێچەوانەی ژیان دۆستییە واتا پێچەوانەی گەشبینیشە ئەوەی کە وێڵی مەرگە بە دوای چێژەکانی ژیانەوە نییە، بەڵکو مردن وەک ڕێگەچارەیەک بۆ ڕزگاربون لەدەست نەهامەتییەکان دەبینێت.

جەمال غەمبار بۆ خۆکوژییەکەی (محمد عومەر عوسمان) دەڵێت:

لە مێژ بو لە دروستبونی<br>
«چایخانەی شەعب» ەوە<br>
بڕیارم دابو ئینتیحار کەم!<br>
ئەوەی تاخیری کردبوم<br>
وەرگێرانی چیرۆکە نایابەکەی<br>
(ئەلفۆنس دۆدێ) ی فەرەنسی بو<br>
بە ناونیشانی (دوا وانە) بۆ زمانی کوردی!

دواجار بریارم دا خۆم بکوژم :

– یەکەمجار چاوەکانی خۆم دەرهێنان

بۆ ئەوەی بە ناوی تەجاوزەوە

شکاندنی عەرەبانەی فرۆشیارە دەسگێرەکانی پێ نەبینم

لە خوار مزگەوتی گەورەوە!

– دوەم جار دڵی خۆمم دەرهێنا

بۆ ئەوەی جارێکی تر عاشق نەبم!

وای، عاشق بون نەخۆشییەکی چەن سەخت بو بۆ من!

– سێیەم جار قاچەکانی خۆمم شکاندن

بۆ ئەوەی پیاسەی ئێوارانی

پر لە یەئسی جادەی سەهۆڵەکە نەکەم!

– چوارەم جار گوێیەکانم کەڕ کردن

بۆ ئەوەی چیتر

گوێم لە هاشوهوشی سیاسەت نەبێ لەم وڵاتە!

– دواهەمین جار بە پەتێکی نازدار خۆم هەڵواسی

بۆ ئەوەی ئێستا نەبینم! (منم ژەنەڕاڵی پایز!) (غەمبار،٢٠٢٢)

ئەم شیعرەی جەمال غەمبار هەوڵێکە بۆ خۆخستنە شوێن خۆکوشتنەکەی ژەنەڕاڵی پایز، حونجەکردنی دواهەمین دێرەکانی مەرگی ئەوە، شاعیر لێرەدا چەندین پاساو ئەهێنێتەوە بۆ خۆکوژییەکەی، ئەیەوێت پێمان بڵێت تا دوا چرکەش لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەیەک بوە هەتاکو خۆی نەکوژێت، سەرەتا بیانوی تاخیرکردنەکەی داوەتە پاڵ وەرگێرانی چیرۆکەکەی (ئەلفۆنس دۆدێ). واتە یەکەم هەنگاو بۆ دورکەوتنەوە لە مەرگ خو گرتنە بە ئەدەبیاتەوە، دواتر کە بڕیاری خۆ کوشتن دەدات، سەرەتا چاوی خۆی لەو زوڵم و ستەمە دەبەستێ بۆ نەبینینی ئەم شارە گەورانە کە جێگای عەرەبانەیەکی بۆ دەسگێرک تیا نابێتەوە تا بژێوی ژیانی دابین کات، دوەم جار دڵی دەردێنێت، تا چیدی عاشق نەبێت چونکە ژەنەڕاڵ تا مردیش هاوسەرگیری نەکرد، دواتریش شکاندنی قاچەکانی دژی تێکەڵبون، چوارەم جار گوێیەکانی تا هاش و هوشی سیاسەت نەبیستێ، کۆتاجاریش ڕۆحی بۆئەوەی چیتر ئەم ڕۆژانە نەبینێت، بۆیە هەر دەروازەی ئەم شیعرە دەمان باتە سەر زۆر ڕێگەو ڕەوایی بە مەرگ دەدات، مەرگ و خۆکوژی شاعیر ڕەشبینییە بەرامبەر بە ژیان و دەرکەوتەکانی و بینینی مەرگە وەکو تەنیا بژاردەی ڕزگاربون.

لە مردنێکی چۆڵ ئەگەڕێم

ئەرێ کەس مردنێکی چۆڵ شک نابا بۆ کرێ

ئەرێ مردویەک بێزار نییە لە گۆڕ و مەرگ و حیکایەتەکانی خۆی

تا بیان بەخشێت بە ئێمە...! (غەمبار،٢٠١٢: ١٢).

مەرگدۆستی لەم کۆپلەیەدا لە پلەیەکی بەرزدایە بەوەی شاعیر بەدوای مردنێکی چۆڵدا دەگەڕێ، چۆڵ ئاماژەیە بەوەی هەمو مردنەکان پڕبونە، وەک شارەکان چۆن خانوی چۆڵ کەمبوە، تەنانەت بە کرێش ڕازییە واتە ئەگەر بیکەینەوە بە ژیانی ئاسـاییِ ڕۆژانە، شـاعیر کەسـێکە بەدوای خانویەکدا دەگەڕێت هێندە زەرورە ئەگەر هەمیشـەیش نەبێ ڕازییە بە کرێش بێت، تەنیا گۆڕێکی دەسکەوێ، دەشـڵێت ئەرێ مردویەک بێزار نییە لە گۆڕ و مەرگ و حیکایەتەکانی خۆی دیارە ئەگەر دیاردەکە باو بوایە پرسـیاری ناکرد ئەم پرسـیارەش ئاماژەیە بۆ دەگمەنی بابەتەکە.

پڕبوم لە مەغریبی مەنفا

ئیتر حەوسەڵەی بەیانیانی ژیانم نەماوە

چەندین جار سڵاوم لە مەرگی خۆم کردوە

دواجار مەرگ، لەسیلەی خەمێکدا لە تابوتەکەم هەڵات و

هەتا ئێستاش ئینتیزاری هاتنەوەییم (غەمبار،٢٠١٢: ٥٥).

لەم کۆپلەیەدا جەمال غەمبار دیسـان عەودالّی مەرگەو وێڵە بەدوایدا، دەڵێ حەوسـەڵەی بەیانیانی ژیانم نەماوە، چەندین جاریش سـڵاوم لە مەرگی خۆم کردوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەوڵی خۆ کوژی، بەڵام دیارە وا باسیدەکات مەرگ لەدەستی ڕایکردوە و تا ئێستاش چاوەڕێی هاتنەوەیەتی.

بەرزان هەستیار لە شیعری (ئێوارەیەک بۆ خۆ کوشتن)دا چێژی مەرگمان بۆ بەیان دەکات هەرچەندە شیعرەکە دور و درێژە بەڵام ئێمە تەنیا ئەو دێڕانە ڕێکدەخەین کە مەبەستی ئێمە دەپێکن.

هیچ ئەسەرێکت نییە،

فریای بینینی ئەم خۆکوشتنە جوانەم ناکەوی

پێ ڕاناگەیت ئەو خوێنە ببینی،

ئەو خوێنەی لە ئارام گرتندا پیس بوە

چۆن لە برینەکانمەوە....

بە زەردەخەنەوە هەڵپەی جێهێشتنم ئەکا

لێزمەی خۆکوشتن داوەت ئەکەمەماڵەکەم

لەگەڵ دیارنەبونی تۆدا....

لەرزینی گوللەیەک گەرم ئەکەمەوە و

ئەویش داخبونی من ئەکا بە سەهۆڵ

چەقۆیەک سور..سور ئەکەم و

ئەویش ئەمکا بە زەعفەران؛

دەمێکە شەونمی ئەم خۆکوشتنە...

تکاوەتە سەر گەڵاکانی هەناوم...

بەڵام دەرۆستی غیرەتم نایە

دیار نەبوی، من ئیتر ناتوانم....
لەزەتی خۆ كوشتن دوا بخەم
ئیدی من نامەوێ
خۆم لە میوەی بەهەشتی...
ئەم مردنە بێبەش بكەم
ئەم خوێنبەربونەی شیعرت لە كیس چو
نەهاتیت ، سەركزیی شاعیرێک نابینی ....
لەبەردەم هەیبەتی مردنا؛
دەرنەكەوتیت و
من ئیتر بە بیٚ تۆ... بۆ "عەدەم" هەڵئەچم
ئێستاكە نایابترین كاتە .... بۆ ئەم خۆ كوشتنەم
نارنجییترین ئێوارەیە... باڵ دەركەم بۆ هەڵوەرین
ئای كەسەكەم چەند بە تام بو ...
ئەم ئێوارەیەم ئاڵتر كەیت ،تاكو جوانتر خۆم بكوژم! (هەستیار،٢٠١٣ : ٢١٧-٢٢٠)

ئەم شیعرە یەكێكە لەو شیعرانەی بە زمانێكی سادەو ڕەوان باسی ڕوداوێک ئەكات كە گێڕانەوەی ئەستەمە، دروستكردنی چەند تابلۆیەک لە ڕەنگی دەگمەن، یان نەخشاندنی وێنەیەک لە خوێنی نوسەر بەدەم خۆكوشتنەوە، لێرەوە مەزنایەتی ئەدەب بەرجەستەدەبێت، دەچێتە شوێنێک كە گەشتن پێی ئەستەمە، تەعبیر كردن لە واقیعێک كە كەس دوای ئەزمونكردنی هیچی لەبارەوە نەوتوە، بۆیە ئەم شیعرە ئەگەر لەسەرەتاوە وردی كەینەوە شاعیر ئاوا باسیدەكات چاوەڕێی كەسێكە بۆ ئاهەنگی خۆكوشتن، ئاهەنگێک كە دەبیٚ ئەم ئێوارەیە ساز بكرێت، ئاهەنگێک دەمێكە تۆوەكەی چەكەرەی كردوە، هەر لەسەرەتاوە شاعیر دەیەوێت بڵێت ئەوەی دەیكات كارێكی جوانە فریایی بینینی ئەم خۆ كوشتنە جوانەم ناكەویت، لێرەدا جۆرێک لە ئیستاتیكای ڕەشبینی هەیە ڕەنگە خۆ كوشتن ناشرینترین دیمەن بێت، بەلاٚم شاعیر هەلاٚودیوی دەكات، ئەوەی باسی دەكات ئەو خوێنەی لەشیدایە ئەوەندە ئارامی گرتوە وەک ئەو جۆگەلە ئاوەی ئەگەر بەری بگیرێت پیسدەبێت، كاتێک بە ئامرازێكی خۆكوشتن ڕێیەكی بۆ دەكاتەوە خوێنەكەشی بە پێكەنینەوە هەڵپەی جێهێشتنی لاشەی دەكات.

پێداگری لەسەر گرنگی ئەو چركە ساتە دەكاتەوە چونكە دوبارەبونەوەی نییە وەک قیامەت یەكجار ڕودەدات، لەم خۆرنشینەدا لەگەڵ نەهاتنی تۆ لێزمەی خۆ كوشتن داوەت ئەكەمە ماڵەكەم، داوەتكردنیش ئاماژەیە بەوەی مردن كاتی هاتن و دەركەوتنی دیار نییە، بەلاٚم خۆكوشتن داوەتكردنی مردنە بۆ ماڵەوە دیاری كردنی كات و ساتەكەیەتی، باس لەوە دەكات كە گوللەی چەكێک كە لولەكەی دەترازیٚ لەرزینەكەی لەسەرما گەرمدەكاتەوە بە خوێنی گەرمی كەللەی خۆی، ئەم چەقۆیەک سور ئەكا و چەقۆش ئەم زەرد ئەكات، ئاماژەش بەوە دەكات

ئەم بیرۆکەی خۆ کوشتنە دەمێکە وەک شەونم ڕژاوەتە سەر گەڵای تەمەنی دەمێکە چاوەڕێی خوێن ڕێژەکەی ئەکات، دیار نەبوی من ئیتر ناتوانم لەزەتی خۆ کوشتن دوابخەم، ئەم دێرە باس لە ئیشتیاقی شاعیر دەکات بۆ خۆکوشتن چونکە لەزەت وەک ئەوەی کەسێک باسی شتێکی ترش دەکات ئەم لێرەوە ئاو دەزێتە دەمی شاعیر وەها باسیدەکات، ئیتر توانای بەرگەگرتنی ئەم دواخستنی چێژوەرگرتن لەو لەزەتەی نەماوە، لەزەتەکەش بە تامی میوەیەکی بەهەشتی ئەچوێنێ، بەو جۆرە تاکو سەرکزی شاعیر لەبەردەم هەیبەتی مردندا، دارِزانی جەستە دوای مردن، ئەم شیعرە نوسینەوەی چەند ساتێکە لەنێوان خۆکوشتن و دەرچونی ڕۆحا، وە مۆمیاکردنی چەند چرکە ساتێکی زۆر سرکە لە بونی مرۆڤدا.

هێی گۆڕهەڵکەن ، ماندونەبی،
ئیدی وادەی ڕۆحدورینەوە بەسەرچو،...
وەرزی حەشاردان تێپەڕی
هەمو کەروێشکی دڵەکان، بێ زیکەزیک...
لەبەر چەقۆدا پاڵکەوتون
هەمو پشیلەی ڕۆحەکان...
خڕکەبەرد شەکەتی کردون
هێی گۆڕهەڵکەن توبی خودا...
کە بتوانین بەم قالۆنچە پلیشاوەیەی دڵمانەوە ...
لەهەر گۆڕەپانێ بمرین......
غەریبیی بەلێفە ساردەکەی دامانپۆشێ
چ کارێکمان بەتەنهایی گۆڕستانە؟؟ (هەستیار،٢٠١٣: ٤٠)

لەم شیعرەدا بە ئاشکرا بێباکی شاعیر بەرامبەر مردن و گۆڕهەڵکەن دیارە وەک ئەوەی ئەسڵەن ژیان و مردن فەرقی نەبێ هەربۆخۆی شوێنی نیشتەجێبونمان بۆتە گۆڕستان، گۆڕهەڵکەن لەوە ئاگاداردەکاتەوە، ئیتر خەریکە کەس ئیشی بەو پیشەیەی ئەو نەمێنێ، دەشڵێ ئیدی وەرزی دورینەوەی ڕۆحەکانە تەماشاکە هەمو کەروێشکی دڵەکان خۆیان لەبەر چەقۆدا پاڵ کەوتون پشیلەی ڕوحەکان خڕکە بەرد شەکەتی کردون، لێرە پشیلە ئاماژەیە بە ڕوح قایمی لەناو کوردا وا بڵاوە کە پشیلە حەوت ڕوحی هەیە، بەڵام شاعیر ئەو ئومێدەش ناهێڵێ بەوەی پشیلەی ڕوحەکان شەکەتبونە.

بە دەست خۆم نەبو کە مردم،
گەرچی، بەر لەوەی ئیزرائیل.....
دەست بنێ بە زەنگی دەرگاکەما
من خۆم ئامادەکردبو،
بە دڵی گۆڕهەڵکەن خۆم گۆڕییبو،

ڕەنگ زەردییم وەک بۆینباخ بەستبو،

بێدەنگیم وەک سمۆرەیەکی دەستەمۆ.....

لە باخەڵما خەواندبو،

چاوەکانم فێر کردبون چۆن داخرێن

دڵم ڕاهێنابو چۆن چرکەی لێوە نەیەت....

بۆ ئەوەی مەرگ بە غرورەوە تێمنەڕوانێ،

خۆم تەیار کردبو....

بۆ ئەوەی بە دەنگێکی گڕ تێم نەخوڕێ:

هەستە دوام کەوە (هەستیار،٢٠١٣: ٣١١).

لە شیعرێکیتردا بەرزان هەستیار هەر لە باسی مەرگدۆستیدا باسی ئەوە ئەکات مردن بەدەستی خۆی نییە، بەڵام خۆشی بۆ ئامادەکردوە، هەرچەندە خۆ ئامدەکردنەکە لێرەدا جیاوازە لە خۆ ئامادەکردنەکانی تر یانی بۆ جیهانی ئیسلامی خۆئامادەکردن بۆ مردن بەوەیە کە پێشخۆت کردەوەی چاک بکەیت، بەڵام شاعیر لێرەدا باسی خۆ ئامدەکردن دەکات لە ڕوی ڕواڵەتەوە نەک ناخ، وەک خۆگۆڕین بە دڵی گۆڕهەڵکەن، ڕەنگ زەردی کە ئاماژەیە بۆ ترس وەک بۆینباخ بەستویەتی، بێ دەنگیشم وەک سمۆرە دەستەمۆ، لە کۆتایشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەتاکو مردن تێم نەخوڕێ و بڵێ هەست دوام کەوە، ئەم دێڕە هەڵگری واتای ترە وەک ئەوەی پێش ئەوەی مردن بێ، حازربی پێش ئەوەی بە زۆر بتبا خۆت بڕۆی، یان هەرکاتێک مردن بێت نەڵێت ناوەختە چونکە کە هات هەر ئەتبا، شاعیر دەیەوێ ڕوبەڕوی ئەو حەقیقەتە تاڵە ببێتەوە چونکە جگە لە ڕوبەڕوبونەوە هیچ چارەیەکی تر نییە.

هەرچەندە بەرزان هەستیار سەبارەت بە پرسی مەرگدۆستی لە شیعرەکانیدا دەڵێت:"من هەرگیز وەک پرەنسیپی نەگۆڕ مەرگم خۆشنەویستوە هەڵوەدای هەڵبژاردن و پێکگەیشتن نەبوم لەگەڵیدا، بەڵکو ویستومە لەڕێی باسکردن و لێدوان لە مەرگ خۆمی لێ دور بخەمەوەو جۆرە ئازایەتییەکی شاراوەش لە خۆمدا دروستبکەم و لەهەمان کاتیشدا لەو هەمو غەدرە بدوێم کە مەرگ نا غافڵانە لێمانی دەکات"(سدیق،٢٠٢١: ١٣٢).

کەواتە مەرگدۆستی لە شیعری بەرزاندا لەناو بردنی ڕەشبینییە بە ڕەشبینی.

مردن مادام تۆ هەر دێی،

ڕۆژێکی ئاوا وەرە

خۆم بۆلات بەرێوە بم.

ڕۆژێکی ئاوا وەرە

گرم دا نەمرکابێ

سەربەرزو بە پێوەبم! (پەشێو،٢٠٠٨: ٨٠).

مردن لە شیعری عەبدوڵا پەشێودا لەناو هەمان ئەو بازنەی مەرگدۆستییە نییە، کەلای بەرزان هەستیار و جەمال غەمباردا هەیە، ئەتوانین بڵێین مردن لای عەبدوڵا پەشێو لە قاڵبە کلاسیکێکەدا ماوەتەوە، چاوەڕێی

عاقیبەت بەخێرییە لە مردندا، دەڵێ مادام هەر دێی کە ئەمەش وەک ناچارییەکە کاتێک وەرە سەرم بەرز بێ و بە پێوەبم واتا مردنێکی شایستە، سەری بەرزبێ و بە پێوە بێ نەخۆش و کەنەفتە و لێکەوتو نەبێ کە خەڵک دوعای مردنی بۆ بکەن، یاخود سەربەرزی بەوەی لەسەر هەمان هەڵوێست بێ و لە خۆشەویستی خەڵک دانەبڕابێت.

دانی ئێواران

سەرنج دەدەمە ئاوابونی خۆر...

دەزانم منیش

زوبێ یا درەنگ دەبێ ئاوابم

بەڵام مخابن دەمی ئاوابون

وەکو زەردەپەڕ سیحراوی نابینم (پەشێو،٢٠٠٨: ٢٨٥).

عەبدوڵا پەشێو لە دواین دیوانیدا زیاتر چاوەڕوانیکردنی مردن لای هەستپێدەکرێت، وەک ئەوەی نەیەوێت لەو واقیعە ڕابکات، لەم کۆپلەیەدا مردن و ژیانی بەخۆر ئاوابون و خۆرهەڵاتن چواندوە بەڵام پێیشی وایە خۆرهەڵاتن سیحراویترە و سەرنجڕاکێشترە، ئەمەش پێچەوانەی دوشاعیرەکەی ترمانە.

باڵم شەکەتەو ئاسۆ بێ سنور

سەوڵم پۆڵایەو ڕۆخی دەریا دور

هەرچاوە چاومە

بۆ کەنارۆچکەو پەناو لەنگەرێ

سەرتاپای ژینم پێڵ و گەرداو بو

خوایە مەرگێکی ئاسانم بەرێ! (پەشێو،٢٠١٩: ٤٦)

لەم شیعرەدا عەبدوڵا پەشێو دەیەوێت دوا وێستگەی خۆی دەستنیشان بکات بەوەی تەمەنی بەرەو کۆتاییە و باڵەکانی شەکەت بونە، هیچ ئاسۆیەکیش بەدی ناکات بۆ پشودان، سەوڵم پۆڵایە و ڕۆخی کەنار دور لێرەدا ئاماژەیەک هەیە کە خۆ بەگەورەزانینێک بەدی دەکرێت سەوڵ بەردەوام دەبێت لە ماددەیەکی سوک دروستبکرێت تاکو سەوڵ لێدان ئاسانبێت بەڵام سەوڵی ئەم پۆڵایە ڕاستە ئاماژەیە بە بەهێزی بەڵام زو خاوەنەکەی شەکەت دەکات و نایگەیەنێتە کەنار، بۆیە دیسان داواکارە لە خودا مەرگێکی ئاسان و شایستەی بداتێ.

کەواتە بەپێی شیعری شاعیرەکان سێ جۆر لە مەرگدۆستی بە دی دەکەین:

یەکەمیان کەسێکە عەودالی مەرگە، بەڵام دەیهەوێ مەرگ ڕاوبکات بیخاتە بۆتەی خۆیەوە و ئیدی نەجاتی بێت، بەڵام مەرگ نێچیرێکی سرکە و بۆی ڕاو ناکرێ، هەرچەندە لەچەندین شیعریشدا دەڵێت من چەندین جار ڕەوانەی شەڕگەکان کرام و بەدیلی گیرام و هەر بەدیلیش کوژرام، بەڵام نەبومە خاوەنی چ حیکمەتێک، بۆیە ئەم تێڕوانینەی جەمال غەمبار بۆ مردن پتر دەیەوێت لەڕێگەی مەرگەوە لە تەنیایی هەڵبێت، ئەمیش وەک ئەوەیە لەتاو چەقۆ پەنا بۆ فیشەک ببەی.

دوەم چێژ لە خۆ کوشتندا دەبینێتەوە، بەرزان هەستیار لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا باسی لەزەتی خۆکوشتن دەکات، مەرگدۆستی بە خەتێکی تۆخ لەناو زۆرێک لە شیعرەکانیدا دیارە، بەچێژەوە باسی چرکە ساتەکانی خۆکوژیمان بۆ دەکات، وەک ئەوەی بیەوێ پێمان بڵێت مرۆڤ بە گشتی نازانێت کەی دەمرێت بۆیە چێژی لێوەرناگرێت، بەڵام ئەگەر خۆتی بۆ ئامادەکەی و کات و ساتەکەی دیاری بکەی چێژدارە.

سێیەم چاوەڕێی مەرگە، مەرگ لای عەبدوڵا پەشێو کردەیەکی ئاسایی و باوە تەنیا دەیەوێت کاتێک مردن دێت ئەم بە پێوەبێت و مەرگێکی باشی بە قسمەت بێت ڕەشبینییەکە بەرامبەر بە ژیانە کە بێ دەسەڵاتە بەرامبەر مردن هەر بۆیە تێڕوانینی پەشێو بۆ مردن خۆ کوژی و لەزەت بەخش نییە بەڵکو ڕەشبینیی و ناچاری دەستە وەستانی مرۆڤە بەرامبەر بەو هەقیقەتە.

2 – 3: **گومان**: یەکێک لەو بابەتە فەلسەفی و دەروونییانەی  کە کێشمەکێشمی زۆری لەسەرە گومانە، گومان دەکەویتە هەمو کون و کەلەبەرێکی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە، سەبارەت بە ڕاستی و نارستی هەمو شتەکان، گومان یەکێکە لەو بابەتانەی کە بەناو هەمو بوارەکاندا پەلی کێشاوە، لە فەلسەفە و دین و زانست و دەروونزانی و ئەدەبدا لە هەریەکەشیاندا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە، پەیوەندی گومان بە ڕەشبینییەوە ئەوەیە کە هەمیشە ڕەشبینی هاوشانی گومان ڕێ دەکات، چونکە گومان دژی دڵنیاییە وە دڵنیایی ڕوە سپیەکەی ڕەشبینییە، و گومان کۆنترین بنەمای فەلسەفەیە لەگەڵ پرسیارکردندا، "لە سەدەی ١٦ بەدواوە گەواهی شەپۆلێکی توندی گومان هەیە کە بوە هۆی هەڵتەکاندنی بنەما جێگیرەکان، ڕۆڵی کاراش بۆ (ڕینییە دیکارت) دەگەڕێتەوە، کە سەرەتا گومانی لە هەستەکانی مرۆڤ دەکرد پاشان لە عەقڵ و دواتریش لە هەمو شتێک"(الشیبانی،١٩٨٢ :٢٣). کەواتە گومانکردن لە هەمو شتێک پلەی باڵای ڕەشبینیە، ئەوەتا دیکارت لەبارەی گومانەوە دەڵێت" دەبێت باچاوی گومان تەماشای هەمو ئەو شتانە بکەین کە دەکرێت پرسیاریان لەبارەوە بکەین چونکە دەشێ ساختەبن"(حنان، ٢٠١٧: ٣٠). گومان لە ڕەسەنی بونی شتەکان دەمان باتەوە سەر ئەو باوەڕەی کە هەمو شت قابیلی لەناو چونە، کەواتە گومانی ڕەشبینی لە فەلسەفەدا بریتییە لە لەناوچونی دڵنیایی و نەمانی یەقین یاخود بونی یەقینێکی گوماناوی ڕەشبینانەیە بەهەمو ئەو شتانەی ڕۆژانە بەرکەوتنمان لەگەڵیاندا هەیە.

دودڵی کردومی بە تەنەکەی خۆڵ

لای دەرگای حەوشەوە نەبێت جێم نابێتەوە

گومان تەخت و تاراجی تێکداوم! (هەستیار، کۆبەرهەم:١٧٠)

دودڵی و گومان ڕەگەزی زاڵی ئەم شیعرەن کە لێرەدا شاعیر باسی هەراسانبونی خۆی دەکات بەدەست دودڵی و گومانەوە، ئەم گومان و دودڵییە ئارامییان تێکداوە و بەرەو ڕەشبینی بردون تەنانەت وەک تەنەکەی خۆڵی لێهاتوە لای حەوشەی دەرگاکەوە نەبێت جێی نابێتەوە، تەنەکەی خۆڵ ئاماژەیە بە بونی پاشماوە و خۆڵ و خاشاک و بۆگەنی کە گومان ئەم کارەی بەسەر هێناوە.

لە هەمو شتێک دودڵم ،......

گومان نەبێ! (هەستیار،2013: 195)

لەم کۆپلەیەشدا شاعیر باسی ئەوە دەکات لە هەمو شتێک دودڵە تەنیا لە گومان نەبێت کەواتە هیچ شتێک نییە دڵنیایی بداتێ و گەشـبینی بکات، ئەمەش وەک ئەو قسـە باوەی لێدێ کە دەڵێ لە هەمو شـتێکدا بەختم ڕەشـە تەنیا لە شوتیدا نەبێت بەختم سپییە.

ئەی "دڵنیایی" بگەرە هانام

وا "گومان" بە بەرسیلەیی....

هێشو برم ئەکا!

نوکی ئەو چەقۆی "گومان" ە....

لە بەربینم دور خەرەوە

گوناهت ئەکات، گوناه

من تازە دەرەقەتی...

لەشکری بێشوماری "گومان" نایەم

ئەشکێم، وەک سوپایەکی بێ سەرکردە،

ئەڕوخێم، وەک دیوارێکی داڕزاو

پەرش ئەبم، وەک خەرمانێکی بێ خاوەن

ئەژاکێم، وەکو گوڵی بەر ڕەشەبا، (هەستیار، 2013: ٢٥١-٢٥٢).

هەسـتیار لە شـیعری (گوناهەکانی دڵنیایی)دا خۆی دەداتە بەر ڕێژنەی گومان و تکا لە دڵنیایی دەکات ئەگەر بۆ چەند چرکەیەکی کەمیش بێت فریای کەوێت چونکە گومان هێندە دڵڕەقە بۆ ساتێکی کەمیش مەودای نادات، ئەم شـــیعرە پڕە لە ئاماژەی قوڵ و ڕون بۆ وەڕســـی شـــاعیر بە دەســـت گومانەوە لەوانەش (وا گومان بەبەرســـیلەیی هێشـــو برم دەکات، نوکی ئەو چەقۆی گومانە لە بەربینم دور خەرەوە، دەرەقەت لەشـــکری بێشـوماری گومان نایەم، سـوپای بێ سـەرکردە، دیواری داڕزاو، گوڵی بەر ڕەشـەبا...هت) هەمو ئەمانە باسـی دڵڕەقی گومانەو باسی دەسەوەستانی دڵنیاییە، کە ڕەشبینی باڵی بەسەر تەواوی شیعرەکەدا داگرتوە.

بەڵام دودڵم، نازانم،

بەسەر کام کێڵگەی تینودا... تێر ببارم؟

بۆ شەوی تاریکی کام قژ...

چرای هەستم بسوتێنم و چەپکێک ڕوناکی ببەستم؟

لە دوای ئەوەی خەرمانی خەونی مناڵی گەردەلولی شین ڕایماڵی.(پەشێو،2008: 198)

سـەرچاوەی دروسـتبونی ئەم شـیعرەی پەشـێو گومانە دڵنیایە لەوەی ئەم شـەو ئازارەکەی هەورێکەو بارانی پێیە بەڵام دو دڵە نازانێ بۆ کام کێڵگەی تینو کام شـــەوی تاریکی کام قژ دایبارێنێ کە ئەم گومانەش دیســـان سەرچاوەی دروستبونی ڕەشبینییە،

منیش لێرە، بەدگومانی وەها دڵی کرمێ کردوم،

زۆر نەماوە بتوێتەوە.

بیرم هەروا دەوراندەوری ئەو ئاوێنە بالآبەرزە چاوباشقالە دەخولێتەوە...

نازانم چۆن کوێری بکەم،

تا نەتوانێ ئەوەندە لێت وردبێتەوە (پەشێو،2019:129– 130)

پەشێو لە شیعری (بەدگومانی)دا وەها باسی خۆیداکات، گومان چۆن دڵی کرمێ کردوە، ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی گومان لە هەر یەقینێک بدات وەک مۆرانە دایدەخورێنێ و دەیرزێنێ یان وەک کرمێ بونی گۆشت بۆگەنی دەکات، ئەم گومانەش سەرچاوەی دروستبونی ڕەشبینییە.

هەمیشە بەگومانم لەوەی باخچەکانی سبەی

گوڵێک بۆ پەرچەمی یار بگرن

بەگومانم لەوەی بەیانییەکی تربێت و

تێیدا نیشتیمانە گەنجەکەم مەرزەکانی بە قاچاخ نەبڕیبێت و

سنورداش نەکرابێتەوە

بە گومانم لە هەڵکردنی بای عیشقێکیتر

بە گومانم..

لە ئاگرەکەی خۆیشم بە گومانم..! (غەمبار: ٢٠١٢: ٣٨).

گومان لە شیعری جەمال غەمباردا بەرجەستەبونێکی بەرچاوی هەیە، بەوەی کە گومان تێکەڵاوی تەواوی بیر و باوەڕی بوە تەنانەت لە ئاگرەکەی خۆشی بە گومانە، بۆ پێشهاتو و ڕوداوەکان تەنانەت گومانی لەوە هەیە کە ڕۆژێک نیشتیمان بیەوێ با قاچاخ بەرەو تاراوگە کۆچکات و گومانیشی هەیە کە سنورداشی نەکەنەوە، بە گومانە لە وەی جارێکیتر باخەکان گوڵێک بۆ پەرچەمی یار بگرن کە ڕەنگە گوڵ ئاماژە بێ بۆ یەقین و دڵنیایی... کەواتە لەم کۆپلە شیعرەدا گومان تا قوڵای ناخی ڕۆشتوە و لەهەمو چواردەور و ڕوداوەکان بە گومانە کە ئەم گومانەش ڕەشبینییە.

دارکونکەرەی گومان درەختی ڕۆژەکانم کون کون دەکات خودایا!

هەتا دێ ئێرە پرم دەکات لە تاریکی ،لە ڕوخان

هەوڵ ئەدەم کەمێک گریان هەڵگرم بۆ ڕۆژی تەنگانە

یان کەمێ دەست بە خەمەوە بگرم، هێندە تاڵان فرۆشی نەکەم خودایا!

لەناو فەوزای ئەم جەورەدا

فویەک لە ئاگری کزی ڕۆحم بکە

چیتر هەڵم مەکە با هەر تاریک بم ..تاریک (غەمبار،٢٠١٨: ١٣٠–١٣١).

ڕەشبینی لەم شیعرە گومانویەدا دەستێکی باڵای هەیە وەک ئەوەی هەمو وێنەکانی ئەم چنیبنی و هیچ مەودایەکی بۆ ڕوناکی نەهێشتبێتەوە، کە گومانی بە دارکونکەرە چواندوە و هەمو ڕۆژەکانی تەمەنی کون کون دەکات، هەتاکو گومانەکەشی زیاتر دەبێت زیاتر پردەبێت لە تاریکی و داڕوخان.

**ئەنجام:**

- ڕەشبینی فەلسەفی لە شیعری بەرزان هەستیاردا هۆکارەکەی خودییە زیاتر بۆ هەڵاتنە لەدەس مردن و پوچگەرایی و نیگەرانی بەوەی وەک بازنەیەک بەردەوام لەناویاندا دەخولێتەوە.
- ڕەشبینی فەلسەفی لای جەمال غەمبار بە ڕونی دەرکەوتوەو هەم مەرگدۆستی و هەم گومان و پوچگەرایی لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو غەریبییە خودی شوێنیی و ئاوارەییەی شاعیر تێیکەوتوە.
- پوچگەرایی و گومان و مەرگدۆستی لە شیعری عەبدوڵا پەشێودا، ئەزمونکردنی ژیانە، هۆکارەکەشی پتر سیاسیە.
- پوچگەرایی و نهیلیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا لە برەودایەو پانتاییەکی فراوانی لە شیعری شاعیراندا داگیرکردوە.
- ڕەشبینی فەلسەفی لەشیعری ئەو سێ شاعیرەی هەڵمانبژاردون پتر ڕەشبینییەکی مەعریفییە واتە ئەزمونکردنی ئەو بابەتە تیۆریانەیە کەلای نوسەرانی جیهان هەن نەک ئەوەی لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەیاندا پوچگەراخواز و مەرگدۆست و گومانکاربن لە هەمو شتێک.

# Philosophical Pessimism in Contemporary Kurdish Poetry with the Example of the Poems of (Jamal Ghambar, Barzan Hastyar, Abdullah Pashew)

**Zhiro Kamil Ajal[1] - Idrees Abdulla Kurdish[2]**

[1+2]Kurdish Department, College of languages, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan region, Iraq.

**Abstract**

This research is entitled "Philosophical Pessimism in Contemporary Kurdish Poetry with the Example of the Poems of (Jamal Ghambar, Barzan Hastyar, Abdullah Pashew)". The paper discusses philosophical pessimism as a multidimensional subject in modern Kurdish poetry and the root of pessimism in Kurdish and other languages. Specific concepts and themes of pessimistic philosophy such as nihilism, death-loving and doubt have also been theorized and practiced. Finally, we have reached several conclusions that philosophical pessimism in contemporary Kurdish poetry is a pessimism that has emerged under the influence of a number of literary movements such as Surrealism, Absurdism, Dadaism and Nihilism. However, philosophical pessimism in Kurdish poetry is more of an intellectual than an ideological issue for most poets.

**Keywords:** Philosophical Pessimism, Nihilism, Death-Loving, Jamal Ghambar, Barzan Hastyar, Abdullah Pashew.

# سەرچاوەکان


پاڵەوان، سەلاح حەسەن(٢٠٢٠)مێژوی گریان، سنە، وەشانخانەی مادیار.

پرات، ئالان(2019)نایالیزم، وەرگێرانی ئاوات ئەحمەد سوڵتان، چاپخانەی حەمدی.

پەشێو، عەبدوڵلا(٢٠٠٨)پشت لە نەواو ڕو لە کرێوە، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

پەشێو، عەبدوڵلا(٢٠٠٨)هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

پەشێو، عەبدوڵلا(٢٠١٩)سەولَم پۆلاو کەناریش دور، چاپی دوەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

توماس، هێنری&توماس، دانا لی(٢٠٠٦)بەسەرهاتە نەمرەکان لە فەلسەفەدا، و.دلْشاد کازم،هەولێر،چ.وەزارەتی پەروەردە.

جەشەنی، عەلی(2015)کوردستانیکا فەرهەنگی ئینگلیسی-کوردی-فارسی، بەرگی دوەم، بانە، چاپەمەنی مانگ.

حەمە ئەمین، باخان ئەحمەد(١٩٩٧)ڕایەڵەی واتاکانی پیری و تەنیایی و مردن لە هەردو شیعری ژمارە(١٩)ی دیوانی حەفتا پەنجەرەی گەڕۆکی شێرکۆ بێکەسدا، پژوهشنامەی ادبیات کردی، سالی چوارەم، ژ. ٦ ،١٤٧-١٦٥.

خاڵ، شێخ محەمەد(2005) فەرهەنگی خاڵ، هەولێر، دەزگای ئاراس.

سدیق، شاخەوان(٢٠٢١) ئەدەب و گێڕانەوە.

سدیق، شاخەوان(٢٠٢٢) شیعرو نائومێدی.

سیوران، ئەمیل(2013)ترۆپکی نا ئومێدی، وەرگێڕانی شوان ئەحمەد، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

شوپنهاوەر، ئارتۆر(١٣٩٨)فەلسەفەو ناسۆرییەکانی ژیان، وەرگێڕانی عەبدولا ئەمینی، سنندج، مادیار.

عوسمان، هەرێم(٢٠١٩)چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا، چاپی دوەم، سلێمانی، چوارچرا.

عومەر، مەهدی فاتیح(٢٠٢١) ئەنفال و داهێنان، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم.

عەلی، بەختیار(2012)وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، بەرگی سێیەم، سلێمانی، ئەندێشە.

عەلی، بەختیار(٢٠١٤)چێژی مەرگ دۆستی، چاپی چوارەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

عەلی، بەختیار(2022)دەستەسرەکەی ئۆتیلۆ، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

غەمبار، جەمال(٢٠١٢) دیوانی جەمال غەمبار، چاپی دوەم، چاپخانەی گەنج.

غەمبار، جەمال(٢٠١٨)هێشتا فرینم لێ دەتکێ،پ ڕۆژەی چاپی کتێبی مێخەک.

غەمبار، جەمال(٢٠٢٢)خۆکوشتن بێگومان بۆ ژەنەڕاڵی پایز وەک هەمیشە، چاودێر ١٦-٦-١٠٢٢ژمارە ٣٧١١٤ بەردەستە لە https://chawder.org/detailnews.aspx?jimare=37114&.

محەمەد، شاخەوان فەرهاد(٢٠١٤)کورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

موکریانی، گیو(2017)نۆبەرە، چاپی دوەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

نوری، ماجید(2016)بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو نیهیلیستیتەوە، گۆڤاری باران، ژمارە2، 91-93.

هەرشەمیی، شاسوار(٢٠٢٢)فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی کوردیی، سلێمانی، چاپخانەی تاران.

هەژار(1398)هەنبانە بۆرینە، چاپی دوازدەیەم، تهران، انتشارات سروش.

هەستیار، بەرزان (٢٠١٣)نەوەیەک بە تەنیشت نیگەرانی و گوناه و خەونەوە، یەکێتی نوسەرانی کورد.

هەستیار، بەرزان(٢٠١٦)پیر ئەبین کەسەکەم، چاپخانەی کارۆ.

هەستیار، بەرزان(٢٠٢١)سپیدەیەکی ڕەنگ پەڕیو، چاپخانەی هەژار موکریانی.

ئیبراهیمی، عەبدوڵلا(2012)فەرهەنگی کاوە-فارسی -کوردی، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

اشراقی، مرتضی(١٣٨٥) تاریخ افکار سیاسی در غرب.

اقبالی، مسعود&معروف،یحیی(1392)بررسی تطبیقی مفهوم بدبینی در اشعار الیاس أبو شبکه، هوشنگ ابتهاج، مجله زبان ادبیات عربی، شماره هشتم، سال پنجم(114-136).

توماس، هنری(1382)بزرگان فلسفه، مترجم فریدون بدره‌ای، چاپ چهارم، تهران، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.

روحانی، ماجد مردوخ(1393) فرهنگ دانشگاه کردستان، چاپی دوەم، سنندج.

صمدانی فرد، محمد(١٣٩٥)دوستی با مرگ، ناشر ابن سینا، تهران.

کامو، آلبر(١٣٨٢)افسانه سیزیف(مقاله درباره پوچی) ترجمه علی صدوقی، م.ع.سپانلو، تهران، نشر دنیای نو.

جريدة، حنان(2016) ثنائية التفائل والتشاؤم في ديوان أغاني الحياة لأبي القاسم الشابي، رساله الماجستير،ج امعة محمد بو ضياف-المسيلة.

هلال، محمد غنيمي(بدون سنة)قضايا معاصرة في الادب والنقد، فجالة-قاهرة، دار نهضة مصر.

حنان، بوربوس(٢٠١٧) الشك عند دايفيد هيوم،رساله ماجستير،جامعه محمد بوضياف -المسيله.

الشيباني، عمر زلد التومي(١٩٨٢) مقدمة يف الفلسفة الإسلامية، طبع٣، الدار العربية للكتاب.

Denistag,j f (2009)pessimism:philosophy ,ethic,spirt, Princeton University Press

Dudley, R. (1937), A History of Cynicism from Diogenes to the 6th Century A.D. Cambridge University Press.

Matsumoto, D. (Ed.). (2009). The Cambridge dictionary of psychology. Cambridge University Press

Whittaker,Thomas(2006) shopenhauer,new York,obscure press.